# حیکمەتی شەڕی بودجە
# لەناو حکومەت و پەرلەمانی کارتۆنیدا !

**(سەبارەت بە خەرجی پێشمەرگە لەناو بودجەی عێراقدا)**

**حەمەغەفور**
hamaxafoer@yahoo.com

ئاشکرایە لە سایەی فەوزای سیاسی ئەمڕۆی عێراق و شەڕی ناوخۆو تێکەولێکەی لایەنەکاندا، لەکاتێکدا کۆمەڵگای ژێر سایەو ڕەحمەتی ئەم هێزە دینی و قەومی و تائیفیانە سەد ساڵ بۆ پاش گەڕێنراوەتەوەو ماناو چەمکی ژیانکردن مەحکومکراوە لە چنگی کۆمەڵێك ئاخوندو سەرۆك تیرەو تایەفەو قەومپەرستی ڕەنگاوڕەنگدا، ململانێی ناو پەرلەمان لەسەر بودجەو مەخارجی پێشمەرگە لەژێر ناوی بودجەی ساڵی 2007دا بەیانکەری چ ڕادەیەکە لە گەندەڵی و دزی و ڕاووڕووت لەم وولاتەدا! لەکاتێکدا ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی بەم دەس و بەو دەم و لە سەدان دەزگاو کەناڵی ڕاگەیاندنەوە باسی ئیستیقرارو ئەمن و ئاسایش دەکەن لە کوردستانداو دەڵێن کوردستان ڕەئسولخەیمەو دوببەیەکی نوێیە، کەچی گەندەڵی سەرلەبەری دەسەلات و حوکم و یاساو ڕێساو موقەدەراتی داگیرکردوون و تەنانەت توانای دابینکردنی ئاوی خواردنەوەو ڕووناکیان نییە بۆ خەڵکی کوردستان و نەفرەت و تووڕەیی جەماوەر لەم دەسەلاتە خۆییە بەوپەڕی خۆی گەیشتووەو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییەی شارەکانی کوردستان بەڵگەی ئەم ڕاستییەن، دەبێ پاشاگەردانی و گەندەڵیی لە چ ئاستێکدا بێت لە عێراقدا کە هیچ هێزێك نییە بتوانێ نکوڵی لە شەڕی ناوخۆو بڕەو بکوژی ڕۆژانە بکات تیایدا!! لە بارودۆخێکی وادا ئاساییە لایەنەکانی پێکهێنەری ئەم ئەنجومەنە لەسەر بودجەی میلیشیاکانیان (کە خۆیان پێیاندەڵێن، وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ یاخود پێشمەرگە!) لێیاندەبێتە شەڕو دەمەقاڵەو خۆیان "حەرەمی پەرلەمانە کارتۆنییەکەیان" بەجێدێڵن و زیاتر دەیکەنە گاڵتەجاڕ. خودی ئەو هێزانەی ئەم حکومەتی وەحدەی وەتەنییە دیموکراتییەیان پێکەوەناوەو میدیاکانیان شەرمنایانگرێ و ڕۆژانە بە شان و شەوکەتیدا هەڵدەڵێن، تا بناگوێی ئیفلاس تەهدیدیدەکەن! دەوڵەت و حکومەتی کۆمەڵگایەکی ئاسایی و تەندروست بەرنامەو پرۆژەی ئابووری وولات، بودجەی ساڵانەی خۆی بەر لە کۆتایی ساڵ بۆ کۆمەڵگا دەخاتەڕوو. زۆرترین ڕێژەش بۆ وەزارەتە خزمەتگوزاری و کۆمەلایەتییەکان تەرخاندەکرێت، لە چەشنی پەروەردەو خوێندن، خوێندنی بالاو شارەوانییەکان و تەندرووستی کۆمەلایەتی..تد. لێرە چی دەبینین!؟ لەم وولاتە داغانەدا دەبینین ئەنجومەنی نوێنەرانەکەی نەك لەسەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان هەیە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە، بەڵکو دەرهەق بە مەخارجی هێزە میلیشیاییەکانیان ئامادەن هەرچی لەسەری ڕێکەوتوون هەڵیوەشێننەوە!

هەموومان ئەوە ئەسەلمێنین کە کۆمەڵگای عێراق بە دۆخێکی سەخت و نالەباردا دەڕوات. بەلام دوای تێپەڕینی 4چوار ساڵ بەسەر نەمانی ڕژێمی دیکتاتۆریدا، دوای 4چوار ساڵ هاتوهاواری کۆتایی دیکتاتۆری و بەرقەرابوونی دیموکراسی و پیادەکردنی ڕەوەندی مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان، نەك هەر ئاسەوارێك یا ترووسکاییەك بۆ دەرچوون لەم تەنگانەیەی ئەم وولاتەی تێکەوتووە بەدیناکرێ بەڵکو ئاگری شەڕی تائیفی کون و قوژبنی ژیانی تەنیوەو خەریکە وولات چۆڵدەکرێ. ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەگەڵ لایەنەکانی شەریك لەم پەرلەمان و حکومەتە بێپایەدا، ئەم ئەنجومەن و حکومەتە لەرزۆکەیان بە تەنیا ئومێدو ڕێگای نەجات نیشانئەدەن، کەچی دەبینین نەك هەر دەسەوسانن لە وەلامدانەوەی بچوکترین کێشەو گرفتی وولات، خۆیان بەشێکی هەرە ئەساسین لە درێژەکێشان و قوولتربوونەوەی وەزعی مەئساوی ئێستاو گڕسەندنی جەنگی ناوخۆ.

ڕۆژگاری کارەساتباری عێراق و مەرگەساتی خەڵکەکەی لە ئەستۆی ئەو هێزو لایەنانەدایە کە بەبیانووی لەناوبردنی دیکتاتۆری و چەکی کۆکوژەوە ئەم کۆمەڵگا شارستانییەیان خزاندە ناو ڕێچکەی ئەم ڕۆژە ڕەشەوە.

تیپەکانی مردن و فیدائییەکانی ڕێگای خوداو پیغەمبەر، کە هاوپەیمانی فیدائییە کۆن و نوێیەکانی سەددامن، بە ئیعتراف هەموو لایەك سەر بە وەزارەتی دیفاع و ناوخۆن. شیفتێك بۆ ڕێگای خودا خزمەتدەکەن و شیفتێکیش بۆ تۆڵەی سەددام!! بەمپێیە کارەساتبارتر ئەوەیە کەسانێك هەبن دڵیان بەوە خۆشکەن کە سەرەنجام بە کەمێك تەئخیرەوە بودجەی 43ملیاد دۆلاری بۆ ساڵی 2007 ڕاگەیەنراوەو ٪25ی بۆ ئەو دوو وەزارەتە دانراوە! یا پێیانوابێ ئەو دوو وەزارەتە لە ڕێگەی خوتتەی ئەمنی تازەی حکومەتی مالکییەوە بە پشتبەستن بەم بودجە زۆرەی بۆی دانراوە دەتوانێت بەر بە شەڕی تائیفی و کوشتارو تەقینەوە خۆکوژییەکان بگرێ و ئەمن و ئاسایش بەرقەراربکات!!

سەرەنجام حکمەتی ململانێکانی ناو دەسەودایەرەی پێکهێنەری پەرلەمان و حکومەتی عێراقی ئەوەیە کە، گەندەڵی شادەماری سەرجەم ئەم هێزو دەسەلات و دەورودوکانەی داگیرکردووە، بەکردەوە لەم 4چوار ساڵەشدا نیشانیانداوە کە ئەم هێزانە بە سەرۆکایەتی ئەمریکاو جمهوری ئیسلامی ئیران تواناو ئیمکانییەتی چارەسەری وەزعی لەبەریەکترازاوی کۆمەڵی عێراقیان نییە، بەڵام دەتوانن زیاتروزیاتر بەناو تونێلی کارەساتدا تێپەڕیبکەن وە بەعەمەلیش هەر ئەو کارەیان ئەنجامداوە تا ئێستا، بەڵام لەپێناوی ئەوەی مەسارفی خۆیان و هێزە میلیشیاییەکانیان مسۆگەربکەن و لەم پاشاگەردانییەدا هەروا کورەی نائارامی و شەڕو کوشتارو ململانێکان درێژەبدەن، هاوکێشەی هێزەکان لە باڵانسێکی کاتی و لەحاڵەتی تەقینەوەدا ڕاگرن، لە سەروەت و داهاتی بێ ئەژماری عێراق لەژێر پەردەی مەلەفی ئەمنی و نەخشەی کۆنترۆڵکردنی بەغدادا لەو بڕە سەروەت پوولەی دیاریکراوە، زۆرترین بەشی بۆ میلیشیاکان بێ بەبەرچاوی خەڵکی عیراق و جیهانیشەوە بەناوی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆو پاسەوان، یا پیشمەرگەی کوردستان.

هەرچەند لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا یەکێتی و پارتی دایان لە هەڵلاو گوایا کۆبوونەوەی پەرلەمانیان بەجێهێشتووە لەسەر ئەوەی خەرجی پێشمەرگە نەخراوەتە سەر وەزارەتی بەرگری عێراق و ئەم شتانە، دواتریش کە ئیئتلافی شیعە سوکە تەنازولێکی کرد لەمبارەوەو هەڵلاکەیان گەمترکرد، کەچی بۆ خەڵکی کوردستان و دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆو ئازادەکان جێگای گرنگیدان نەبوون و ناچار خۆشیان لێیی ساردبوونەوەو تەنانەت ڕاگەیاندنی پارتی هەروا سەرپێیی هەواڵەکەی لە سوچێکی ڕۆژنامەی خەباتدا بلاوکردەوە. خەڵکی کوردستان لە ڕاوڕووتی ئەمانە تووڕەو بێزارن و تەنانەت ناڕازین ڕۆڵەکانیان بتلێنرێنە ناو ئاگری جەنگی ناوخۆوە. خەرجی و بودجەی پێشمەرگە گەمەیەکی ترسناکی بزووتنەوەی کوردایەتیە بۆ تێوەگلاندنی خەڵکی کوردستان لەگەڵ جەنگی تائیفی و ناوخۆی عێراقدا. ئەم کایەیەش بە قەد پووشێك پەیوەندی بە خواستی خەڵکی کوردستانەوە نییەو دەبێ ڕیسوابکرێت. یەکێك لە دەروازەکانی ئومێد بۆ کۆتاییهێنان بە بارودۆخی ڕاچڵەکێنەری عێراق لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی عەلمانی و غەیرە قەومییە تیایدا. بەرزکردنەوەی خواستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازاد بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کوردستان لەلایەن دانیشتوانەکەیەوەو خۆڕێکخستن و یەکگرتووبوون لەدەوری ئەم خواستە لاییکەی کۆمەڵگایەکی تینووی ڕزگاری و ئازادی و شارستانییەت، داری دەستی ناسیونالیزمی کوردی دەردێنێ و دەروازەیەکی ئومێدی گەورە بەڕووی عیراق و ناوچەکەشدا دەخاتەسەرپشت.

2007-2-10